www.kurdistannet.org
28/02/2003 03:16

# کوردستان و سوپای تورکیا

ڕزگار عومەر
rezgar70ca@yahoo.com

من لە ووتارێکی پێشوومدا باسی ئەوەم کرد کە ئەنجامەکانی شەڕی تازەی ئەمریکا هیچ دڵخۆشکەر نین، چ لە ئاستی سیاسەتی نێو دەوڵەتی چ لەسەر ئاستی عێراق و ئیقلیمی، چ بەو مەترسیە جیدیانەی کە ئەیخاتە سەر ئەو هەڵ و مەرجە سیاسیەی لە ساڵی ( ١٩٩١) وە لە کوردستاندا دروست بووە، ئێستاش بە داخەوە ڕەوتی ڕووداوەکان ڕاست و دروستی ئەم پێشهاتانە دەسەلمێنێ تەنانەت بەر لە ڕوودانی عەمەلی شەڕەکە.

ئێستا ڕەوتی ڕووداوەکان بە پێچەوانەی دیدگای ئەو نووسەرانەی ناویان لەم شەڕەی ئەمریکا نابوو ( پیرۆزترین شەڕ) !! خەریکە لە ئەڵقەی یەکەمی خۆیدا بە لول دانی ئەو هەڵ و مەرجەی کوردستان دەیەوێ دەست پێ بکا، هەڕەشە لە هاوپەیمانێکی ئەمریکاوە دەست پێ دەکا کە خەڵکانێکی زۆر تا ئێستاش ئەمریکاو سوپاکەی بە ( مەهدی مونتەزەر) ی کورد لە قەڵەم دەدەن، هەڕەشە لە تورکیاوە دەست پێ دەکا کە بە بێ ڕەزامەندی ئەمریکا هەنگاو نانێ، تورکیاش پێش ئەوەی دەوڵەتێکی ئیقلیمی بێ، دەوڵەتێکە ئەندامە لە ( ناتۆ) هەر بۆیەش ئەو مەرجانەی دای ناوە دژ بە کوردستان پێش ئەوەی لووت بەرزی ئایدەلۆژی حکومەت و سوپایەکی شۆڤینیست بێ، لە خۆڕازی بوونێکی گەورەو متمانەیەکی بێ سنوورە بە تەکنەلۆژیای کوشتن و وێران کردن کە سوپای تورکیا وەکو ئەندامێکی ناتۆ لێ ی بەهرەمەندە.

لە ساڵی ١٩٩١ وە تا ئێستا نە پێشمەرگەی یەکێتی و پارتی، نە هیچ میلیشیایەکی سەربازی سەربەخۆی خەڵکی کوردستان سنووری تورکیایان پێشێل نەکردووە، تا ئێستاش هیچ باندێکی تیرۆری لە کوردستانەوە نە چووە ئارامی ژیانی دانیشتوانی شارەکانی تورکیا بشێوێنێ، بە پێچەوانەی ئەمەش سوپای تورکیا چ بە دبلۆماسیەتی نهێنی و ئاشکرای هردوو حیزبی دەسەڵاتداری کورد چ بێ ئیزن لەوان دەیان جار بۆتە میوانی ڕەزا قورس و خوێناوی سنوورەکان، بێجگە لەوەش چ لە ڕێگای ( میت) چ لە ڕێگای جاشی دێهاتەکانەوە هەر لە ڕۆژ هەڵاتی ( وان) وە تا شارۆچکەی ( ساۆپی) دەستیان بە خوێنی دەیان پۆلی پەناهەندە سوور بووە کە ویستویانە بە بڕینی ئەم سنوورانە بەرەو کۆچێکی سورو دوا ڕۆژێکی دوورە دەست بڕۆن، ئەمانەی ووتم هەمووی ئەوە دەرئەخەن کە ئەگەر دوو حیزبە کوردیەکەش تورکیاو ئێران و عێراقیان فێری سنوور بەزاندنیش کردبێ. . . بەڵام خۆ بە لایەنی کەمەوە سنووری ئەم دەوڵەتانەیان پارستووەوە تەنانەت بە سەرکوت نقەیان لە ئۆپۆزسیۆنی ئەم ووڵاتانە بڕیوە لە کوردستان، ئەمە لە باری
حقوقیەوە بەسە بۆ سەلماندنی ( التزام) ی ئیدارەی کوردی بە پاراستنی سنوورەکانی ئەوان.

ئیمڕۆ کە سوپای تورکیا دەیەوێ کوردستان چەك بکاو قسە لە هیچ دەسەڵاتێك و قەوارەیکی سەربەخۆی سیاسی کوردستان نەبێ، ئەمە تەنیا مەبەستی پاوان کردنی کەرکوك و موسڵ و پاراستنی تورکمانەکانی کوردستان نییە، ئەمە تەنیا ڕووی دەرەوەی کێشەکەیە، تورکیا ئیمڕۆ لە ڕێگای ئەم لە شکرکێشیە گەورەیە نوێنەرایەتی هەموو ناسیۆنالیزم و
شۆڤینیزمی دەسەڵاتداری ناوچەکە دەکا کە ( ١٣) بەهارە چاوەڕوانی تۆڵەن، تۆڵە لەو ڕاپەڕینە جەماوەریەی کە توانی سوپای بەعسی لە کوردستان و باشوری عێراق ڕاو بنێ و هەیبەت و دیسپلینی حکومەتێکی ناسیۆنالیستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێك بشکێنێ، سوپای تورکیا هەر ئێستا لە ناوچەکە بە پاڵپشتی ئەمریکا نوێنەری کلاسیکی ترین بە خەبەر هاتنی دەزگای دەوڵەت دەکا لە سەرکوتی هەموو بزوتنەوەیەکی چینایەتی و جەماوەری کە بە ئاستەم بۆنی شنەی شۆڕش و ئازادی لێ بێ، وە ئەگەر دەوڵەتەکانی دراوسێش لە میدیاکاندا بە نیفاقێکی سیاسیەوە دەڵێن ئەمە مەسەلەیەکی ناوخۆیی عێراقە. . بەڵام لێپرسراوی سەربازی و جاسوسیان نیە خەون بەوە نەبینن کە کەی ئەوانیش بتوانن برا بەشی عەمەلی سەرکوتی یەکجارەکی ئەم هەڵ و مەرجە بن، چونکە کاتێ سوپای تورکیا نەخشە بۆ گرتنی دهۆك و هەولێر دائەڕێژێ دەیەوێ دوو ئامانج بەدی بهێنێ، کە یەکێکیان لەسەرەوە باسم کرد. . دووەمیشیان دەیەوێ
نامەیەکی پڕ لە هەڕەشەی عەمەلی ی بۆ چەپ و بزوتنەوەی دژی شەڕ لە تورکیا بنێرێ، کاتێکیش سوپای پاسداران بە زنجیرە ئیعدامەکانی شاری سنە ناتوانێ خەونی ڕزگاربوون لە جمهوری ئیسلامی لە گیان و خوێنی خەڵك دەربێنێ، ناچار فەیلەقی ( بەدر) ڕەوانە دەکات و تا کەڵبەکانی لە کانیەکان گیربکاوحیجابێکی کۆن لە سلێمانی بئاڵێنێ.

بزوتنەوەی دژی شەڕ بە دەر لە هێڵە گشتیەکانی ستراتیژی خۆی دەبێ ئەم کارە دەسبەجێ مەحکوم بکات و لە دژی بوەستێ، بە تایبەتی نوینەرانی ئەم بزوتنەوەیە لە تورکیا ئەرکێکی گەورەتریان لە سەرشانە کە ئەویش هەڵخڕاندنی
ڕای گشتیە دژ بە سوپاو حکومەتی تورکیا، لە کوردستانیش ئەگەرچی مەعلوم نیە روداوەکان ڕوو لە کوێیە ! بەڵام بە عەمەلی دەرکەوت کە دبلۆماسیەتی سەرووی ئیرادەی خەڵکەوە کە هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە پیادەیان کردووە چەندە بێ سەمەرو سەنگایی بوو لە بەرامبەر ڕووداوەکاندا، خەڵکی کوردستان نەوە لە دوای نەوە پەنجە لە گەڵ سەرکوتی دەوڵەتەکان نەرم دەکەن، نەوە لە دوای نەوە بەوە

ڕادەهێنرێ کە حیزبە دەسەلاّتدارەکانی کورد دەسەلاّتی ئەزەلین و خۆشی و ترشیمان بێ ئەبێ قبوڵیان بکەین، پێم وایە دەرسێکی مێژویی کە خەڵکی کوردستان وەری گرت ئەوەیە کە قبوڵی دەسەلاّتی حیزبێك یان ئایدەلۆژیایەك بەستراوەتەوە بەهاتنەوەیان لە گەڵ بەرژەوەندی گشتی و پا بەند بوونیان بە ئازادی، وە لەو بڕوایەشم دەرسێك کە سوپای تورکیا وەری دەگرێ ئەوەیە کە سیاسەت بە گوللەو بە گوڵیش دەکرێ، بە دلنیایش دەڵێم سوپای تورکیا لە هەواری نێرگز چڵێ نێرگزی بەرناکەوێ !

ڤانکۆڤەر

٢٠٠٣/٢/٢٦

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نییە ئەم نووسینە لەگەڵ بیروبۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت) ە، بەڵام بەهۆی بڕوابوونمان بەئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە... لەگەڵ ڕێز و خۆسەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوەیی و خەباتکاری ئەم ڕێگایە.

ئەم تێبینی یە لەژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org

کوردستان نێت